فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدای هێزەکانی حەشدی شەعبی سەرکەوتنی پلانی سەردانی ڕەجەبی ڕادەگەیەنێت

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدای سەر بە هێزەکانی حەشدی شەعبی ئەمڕۆ یەکشەممە سەرکەوتنی پلانەکەی بۆ سەردانەکەی ڕەجەب ڕاگەیاند و جەختی لەوە کردەوە کە پلانەکە هیچ ڕووداوێکی ئەمنی تیایدا نەبووە.

لە بەیاننامەیەکی دەستەی حەشدی شەعبیدا هاتووە، "فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدای حەشدی شەعبی، سەرکەوتنی پلانەکەی بۆ سەردانەکەی ڕەجەبی بەبێ هیچ ڕووداوێکی ئەمنی ئاماژەپێکراو ڕادەگەیەنێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، "سەرکەوتنی پلانی ئەمنی لە ئەنجامی هەوڵە یەکگرتووەکانی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان و کاروانەکانی حسەینی بووە".